# یەکی ئایار سنور نانسێ!!

## بە بۆنەی رۆژی هاوپشتی کرێکارانەوە

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

یەکی ئایار جودا لە هەموو جەژنە مەزهەبی و نەتەوەیەکان جەژنێکە نە سنوور و نە جوغرافیا و نە پێست و رەگەز دەناسێ نە تایبەتە بە بەوڵات و ناوچەیەکی دیاری کراوە ، یەکی ئایار کرێکار و بەشمەینەتان لە ئەمریکا بن یان لە ئاسیا یان لە ئەفریقیا و لە هەر کۆیەک بن سەرەڕای هەر ڕێگریەک لە لایەن سەرمایەدارانەوە ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرن.

ئەم جەژنە نە چیرۆکی خورافەی ئیبراهیمێکە کە ویستویەتی لە تاقی کردنەوەیەکی ئیلاهی دا کوڕەکەی سەربڕێ و دواتریش خواوەندەکان بیبەخشن و بە بەرانە مەڕێک کێشەکە دیزە بەدرخۆنە بکرێ و ئەو ڕۆژەش ببێتە سونبلی کۆنە پەرستانی ئەم سەردەمە و لە یادی ئەو خۆێن رۆشتنەدا خەڵکی جەژن بگرن .

یەکی ئایار ئەو جەژنەش نی یە کە خەڵکانێکی موشرک بێن بیانەوێ و عیسا لە دار بدەن و عیساش هەڵکشێ بۆ لای باوکی کە خوایە وخەڵک چاوەڕوانی بکات لە کاتێکی تردا بێتە خوارەوە .

جەژنی لەم جۆرە ساڵانە ملیۆنان دۆلاری بۆ سەرف دەکرێ بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی مەحروم و بێ بەشانی کۆمەڵ تا لێرەشەوە بتوانن باشتریان دەستەمۆ بکەن .

یەکی ئایار ئەو رۆژەیە کە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە ژیانی خەڵک و توێژوکانی کۆمەڵەوە هەیە و لەو ڕۆژەدا خەڵک یادی ئەوە دەکەنەوە دەکەنەوە کە چۆن کرێکارانێک ڕاپەڕین و لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە ڕابەرانی ئەو خۆپیشاندانە لە سیدارە دران تەنها لەبەر ئەوەی داوای سەعات کارێکی کەمتر و کرێیەکی زیاتریان دەکرد بۆ خۆیان و خێزانەکانیان تا بەشێکی زیاتریان بەرکەوێ لەو ڕەنجەی کە بۆ سەرمایەدارانی دەدەن بە فرۆشتنی هێزی کاریان .

بەڵێ یەکی ئایار رۆژی خرۆشان و هاتنە سەرشەقامی شارەکانە ، ڕۆژی یادکردنەوەی ڕابەرانیکە کە بە کردەوە بەرانبەر سەرمایەدارە چاو چنۆکەکان وەستانەوەو ئەو دیواری ترسەیان روخاند کە سەرمایەداران و خاوان کارەکان دروستیان کردبوو ، ئەو ڕچکەیان شکاند و کرێکاران و کۆمۆنیستەکانیان ئاشناکرد بەو خەباتە پڕ لە سەروەریە و دواتریش هەر لە ژێر کارکردی ئەو هەنگاو ە و شۆڕشی ئوکتۆبەردا سەرمایەداران ناچار بوون کە بەشێک لە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم چینە شۆڕشگێرە بدا و ملکەچ بن بۆ ئەو داوایانە کە پێشتر لەسەر هەمان داوا خۆپیشاندانەکانی شاری شیکاگۆی خەڵتانی خوێن کرد

یەکی ئایار بەڕێوەیەو دەبێ کرێکاران و بەشمەینەتان و کۆمۆنیستەکان بیکەنە ڕۆژی نارەزایەتی و خۆپیشاندان بە دژی ئەو نابەرابەریەی کە ئەمرۆ کۆمەڵگا بەدەستیەوە دەناڵێنێ .

جێگای خۆیەتی کە لە یەکی ئایار دا ئەو نارەزایەتانەی عێراق و کوردستان چڕ بکرێتەوەو ساز و ڕێکخراو بکرێ و جوڵانەوەی مامۆستایان و خۆیندکارانی سلێمانی و کرێکارانی ناسریەو بغداد بکەینە خاڵی دەسپێکردن بۆ خەباتێکی گەرم و گورتر لە یەکی ئایاردا

بەرز و بەڕێز بێت یەکی ئایار رۆژی هەستانەوە و خەبات بۆ داخوازیکانمان .

25.04.2005